د. عەلی وەردی

کەسایەتی تاکی عێراقی



20482

وەرگێرانی
گەرمیان محەمەد ئەحمەد

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

له بلاّوکراوه‌کانی خانه‌ی چاپ و په‌خشی ڕێنما

زنجیره 507

ناسنامه‌ی کتێب

که‌سایه‌تی تاکی عێراقی

نوسینی: د. عه‌لی وه‌ردی

وەرگێڕانی: گەرمیان محەممەد ئەحمەد

بابەت: لێکۆڵینەوە

نەخشەسازی و بەرگ : فواد کەوکۆسی

نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٩

شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج

تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی، (١٠٦٥)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی - سابونکەران، نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شووقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەسپێک

بانگەشەی ئەوەناکەم ئەم وانە لێکۆڵینەوەیانەم تەواوی مەرجە زانستییەکانی لەخۆ گرتووە.

ڕەنگە ڕاستتربێت گەر بڵێم: ئەمە پتر لە وتارێکی ئەدەبییەوە نێزیکە وەک لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی.

بیانوویشم بۆئەم قسەیەم ئەوەیە کە: ئەم پەڕتووکە وانەیەکەو نوسراوە بۆئەوەی لە ئاهەنگێکی گشتیدا بگوترێتەوە، یەکەمجاریش ئامانج لێی ئەوەنەبووە کە بەم شێوەیە چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

کەواتە ئەمە لەسەر بنەمای ئاراستەکردن و گەیاندنی بیرۆکە و هزر نوسراوە. ئەمە لەخۆگرتە و تیابووی زنجیرەلّقەی یەک بەدوای یەک نییە و بەو چەشنەیش نەنوسراوەتەوە کە هەلّەقەکانی یەکتر تەواوکاربن.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕەنگە بەم هۆیەشەوە -کە یەك شێوە سیستمی یەككرتووانەی نییە بۆئەوەی دەقەكان كۆبكاتەوە- خوێنەر بەهۆی بلاوپژی بیرۆكەكانەوە نەختێك قەڵس و بێزاربێت.

هەرچۆنێك بێت-پاش لە خوێندنەوەی وانەكە-، خوێنەر بۆی ڕوون دەبێتەوە كە ئەم وانەیە دابەشی دوو بەشی سەرەكی بووە: لە بەشی یەكەمیدا ویستومانە لە سروشتی هەموەكی مرۆڤ بەگشتی بكۆڵمەوە.

بەڵام لەبەشی دووەمدا بەتایبەت باسمان لە كەسێتی تاكی عێراقی كردووە.

خوێنەر دەبینێت كە بەشی یەكەم درێژدادڕترە و لادان لەبابەتەكانیش تێیدا زۆر بەكەمی ڕوودەدات. لەم كارەیشم پەژیمان نیم و ڕەنگە مەبەستێكم هەبووبێت و پێداگریم لەسەر كردبێ. پێم وابوو ناتوانم باسی كەسێتی تاكی عێراقی بكەم گەر بەجوانی و درێژییەوە باسی كەسێتی مرۆڤایەتی بەگشتی نەكەم. زێدەباری ئەمەیش: بابەتی كەسێتی بەشێوەیەكی گشتی لە زمانی عارەباندا لێكۆڵینەوەی ئەوتۆی لەسەر نەكراوە و نەیش نوسراوە. ئەوانەیشی لەبارەیەوە نوسیویانە و شتیان لەسەر وەرگێڕاوە كەسانی تایبەت بە دەروونناسی بوونە. ئەمەیش مانای وەهایە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کەئەم کەسێتییە تەنها لەڕوانگەیەکی تاکانەوە ڤەکۆڵینی لەسەر کرایە و لایەنە کۆمەلایەتییەکەی نەخستۆتە بەرباس؛ مەگەر بەکەمی نەبێت.

ئەمە و پێویستیشە ئەوەشمان لەیاد نەچێتەوە کە کەسێتی چەمکێکە لە دەروونناسیدا جیاوازە لە کۆمەڵناسی یان لە زانستی شارستانی دا.

دەروونناسی وەها لەتاک دەڕوانێت کەخۆی وەستاوەتە سەر خۆی، هەربۆیە وەها لێکۆڵینەوە لەتاک دەکات وەک ئەوەی هەر مرۆڤێک پێکهاتبێت لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە بەهۆیەوە ئەو لە ئەوی تر جودا دەکاتەوە؛ئەم چەمکەیش دوور نییە لەڕاستییەوە، بەڵام دەروونناسی و دەروونناسان ئەوەیشی بۆ زێدەبار دەکەن کە: کەسێتی لە زۆر ڕوویەوە کۆمەڵ نوێنە، ئەوان ئێستاکە وەختە دەگەنە ئەو ڕایەی کە تاک و کۆمەڵ دوو ڕووی یەک ڕاستین، یاخود وەک چۆن (کوڵی) دەڵێت: تاک یان کۆمەڵ دووانەیەکن پێکەوە لەدایک دەبن.

کەواتە کەسێتی مرۆڤ داڕژاوەی نێو بۆتەیەکە کۆمەڵ(کۆمەڵگە) دروست و دیاری دەکا.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library